# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٣٨) ساڵی بیست وپێنج ٩ تشرینی دووەم ٢٠٢٥ زایینی ١٨ گەڵاڕێزان ٢٧٢٥ کوردی ١٨ جمادی یەکەم ١٤٤٧ کۆچی

338



**بڕیاری ژمارە (٢٩٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٢٩١)ی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجومەنی وەزیران** ٢

پەسەندکردنی (ڕێبەری سەلامەتی)

**بڕیاری ژمارە (٢٩٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجومەنی وەزیران** ٣

تایبەت بە داهات بەراورد بەخەرجییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ٦

میکانیزم ومەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان** ١٠

مۆڵەتدانی خاوەن پیشە هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٢

ڕێنمایی تایبەت بە داهات بەراورد بەخەرجییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٤

هەمواری دووەمی ڕێنمایی کاری کۆمپانیاکانی بە دواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانیەکان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٥

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تۆمارکردنی تاکسیی نوێ ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٦

تایبەت بە پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی و فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ دەستەی دەسپاکی** ٣٤

ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٢٤ – ٢٥ – ٢٦ - ٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٤١

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٤٥

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ٤٦

دانانی چەند ماددەیەک لە خشتەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان

**بەیانی ژمارە (٢٥ - ٢٦ - ٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ٤٨



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٣٨) السنة خمسة وعشرون ٩ تشرينى الثانى٢٠٢٥م. ١٨ گەلاریزان ٢٧٢٥ ک. ١٨ جمادى الاول ١٤٤٧ هـ.

338

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** ص


| المواضيع | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٩٠) لسنة ٢٠٢٥ مجلس الوزراء | ١ |
| قرار رقم (٢٩١) لسنة ٢٠٢٥ مجلس الوزراء | ٢ |
| قرار رقم (٢٩٢) لسنة ٢٠٢٥ مجلس الوزراء | ٣ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ٦ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الثقافة والشباب | ١٠ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٢٣ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٢٤ |
| تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٢٥ |
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٢٦ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٥ هيئة النزاهة | ٣٤ |
| بيان رقم (٢٤ - ٢٥ - ٢٦ - ٢٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٤١ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الزراعة والموارد المائية | ٤٥ |
| بيان رقم (٢٤) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ٤٦ |
| بيان رقم (٢٥ - ٢٦ - ٢٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ٤٨ |


No. 338 Date: November 9, 2025 - Vol.: 25

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٢٤١٧ لە ٢٠٢٥/١٠/٧**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی داد/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسراویان ژمارە (د/٧٣٩) لە ٢٠٢٥/٧/٢١ و پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٤٠) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤) لە ٢٠٢٥/١٠/١ ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:-

١- هەڵوەشاندنەوەی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی ئابووری هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە ژمارە (٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (٢١٣٢) لە ٢٠٢٠/١١/٢ لەبەر ئەوەی بڕیارەکە ناگونجێت لەگەڵ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ئاماژەپێدراو لەسەرەوە.

٢- وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە بەپێی ماددەی (٤١) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ئاماژەپێدراوە لەسەرەوە.

٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٢٤١٨ لە ٢٠٢٥/١٠/٧**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بڕگەی (دووەم) لە ماددەی(دووەم) و ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ و لە پێناوی هێنانەکایەی کۆد و پێوەری هونەریی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ژیان و سامانی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤) لە ٢٠٢٥/١٠/١ ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا بە:-

**یەکەم:** پەسەندکردنی (ڕێبەری سەلامەتی) کە پاڵپشتە بە کۆمەڵێک پێوەری جیهانیی باوەڕپێکراو و دوای گونجاندنی لەگەڵ بارودخی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە مانەی خوارەوە:

١- ڕێبەری سەلامەتی پاراستنی باڵەخانەکان لە ئاگر.
٢- ڕێبەری سەلامەتی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە.
٣- ڕێبەری سەلامەتی غازی شل LPG بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و بازرگانی.
٤- ڕێبەری سەلامەتی غازی شل بۆ شوێنە پیشەسازییەکان.
٥- ڕێبەری سەلامەتی دروستکردنی وێستگەکانی سووتەمەنی.
٦- ڕێبەری سەلامەتی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی ئاگر و زەنگی ئاگادارکردنەوە.
٧- ڕێبەری سەلامەتی گواستنەوەی مادده مەترسیدارەکان.

**دووەم:** ڕاسپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ناساندنی (ڕێبەری سەلامەتی) وسازدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و سەرجەم ئەوانەی بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی.

**سێیەم:** ڕاسپاردنی وەزیری ناوخۆ بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەت بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی (ڕێبەری سەلامەتی) پێکهێنانی لیژنەی شارەزا و پسپۆڕ بۆ بەدواداچوون و چاودێریی جێبەجێکردنی پێوەر و مەرجەکانی هاتوو لە (ڕێبەر سەلامەتی) و پشکنینی وەرزیی و لەناکاوی ئەو شوێنانەی کە جێبەجێکردنی ئەو ڕێبەرە دەیانگرێتەوە و پەیڕەوکردنی پلاتفۆرمی ئەلکترۆنی بۆ زانیارییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری.

**چوارەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ١٣٢٢٠ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٢

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و دوابەدوای نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سكرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٢٤١٦) لە ٢٠٢٥/١٠/٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و بە مەبەستی پڕكردنەوەی بەشێك لە كورتهێنانی داهات بەراورد بەخەرجییەكان، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٥) لە ٢٠٢٥/١٠/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- پێدانی ئەولەویەت بۆ بلۆككردنی بڕی (١٢٠) سەد و بیست ملیار دینار بۆ جێبەجێكردنی پابەندیی هەرێمی كوردستان بۆ ناردنی بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتی نانەوتی لە پێناوی زامنكردنی خەرجكردنی مووچەی هەرێم لەلایەن حكومەتی فیدراڵییەوە، و پێویستە ئەم بڕە پارەیە بخرێتە پێش هەموو خەرجییەكانی دیكە.

٢- جێگیركردنی پێشینەی بەردەوامی وەزارەت و دام ودەزگاكان بە بڕی (٤٨ چل و هەشت ملیار دینار مانگانە) تا ڕێكەوتی ٢٠٢٥/١٢/٣١، و نابێت وەزارەت و دامودەزگاكان نووسراو ئاڕاستەی سەرۆكایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری بكەن بۆ زیادكردنی پێشینەی بەردەوام.

٣- دابینكردنی گوژمەی (٤٢) چل و دوو ملیار دینار مانگانە بۆ خەرجكردنی مووچەی ئەو كارمەند و فەرمانبەرانەی كە مووچەكانیان لەسەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەكرێت لەگەڵ خەرجكردنی ئەو شایستانەی خانەنشینانی هەرێم كە لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە خەرج ناكرێت، و پێدانی ئەم مووچانە هاوكات لەگەڵ دابەشكردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم خەرج دەبێت.

٤- ڕاگرتنی سەرجەم خەرجییەكان، جگە لە پابەندیی و خەرجییەكانی هاتوو لە بڕگەكانی (١، ٢، ٣)ی سەرەوە و خەرجییە بنەڕەتییەكانی وەك (دابینكردنی دەرمان و پێداویستی پزیشكی، چاككردنەوەی ڕێگاوبان، پاككردنەوەی شار، خواردنی نەخۆشخانە و بەندییەكان، دابینكردنی كلۆر و پێداویستییەكانی ئاوی خواردنەوە) و خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەكانی دیكە كە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاد دەكرێت بە ڕەچاوكردنی گرنگیی و بایەخی خەرجییەكە، و سەبارەت بە خەرجییەكانی پێشوو كە

داواکاریی خەرجییان پێکراوە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکان، هێشتا لە پرۆسەی وردبینی و پێداچوونەوەن،بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵات دەدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی ئێستای هەرێم تەنها کار لەسەر ئەو خەرجییە بنەڕەتییانەی سەرەوە بکرێت کە ئاماژەیان پێکراوە، و سەرجەم خەرجییەکانی دیکە ڕەتبکرێتەوە.

٥- ڕاگرتنی پرۆژەی نوێ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەر بودجەیەک بێت (وەبەرهێنان، پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئاسایی)، و ڕاگرتنی ئەو پرۆژانەی کە تەرخانی داراییان بۆ کراوە بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران یاخود بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندان، کە تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و کاریان لەسەر نەکراوە، و نابێت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ نووسراوێک بۆ ئەم مەبەستە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و نووسینگەی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بکەن بۆ پێشنیاری پرۆژەی نوێ یان تەرخانکردنی پارە.

٦- ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و پلاندانان بۆ پۆلێنکردنی پرۆژە بەردەوامەکان لە ڕووی گرنگی و بایەخەوە، و لە ئەگەری مانەوەی بڕە پارەیەک لە دوای جێبەجێکردنی برگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥)ی ئەم بڕیارە ئەوا بەپێی گرنگی پرۆژەکە بەشێک لە پێشینەی ئەو پرۆژە بەردەوامانە خەرج دەکرێت بەپێی پێوەرەکانی ئەولەویەت و گرنگی پرۆژەکە و دادپەروەریی و بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٧- پێدانی ڕەسم و باج و گومرگ و شایستە داراییەکانی دیکەی وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم بە شێوازی نەختینە (کاش) و ڕاگرتنی پرۆسەی وەرگرتنی پارە بە چەک و مەقاصە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم جگە لەو بابەتانەی کە پابەندی داراییان هەیە بە چەک، کارەکانیان ڕایی دەکرێت لە نێوان خودی فەرمانگەکانی حکومەت.

٨- ڕاگرتنی لێخۆشبوونی گومرگی و باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) لە دەرەوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٩- بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی هەرێم لە کاتی خەرجکردنی ئەو ڕێژە داهاتەی بەپێی ڕێنمایی دارایی کە بۆ خودی وەزارەت دەگەڕێتەوە، ئەوا پێویستە هەماهەنگی تەواو بکرێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرجکردنی ئەم ڕێژەیە.

١٠-جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٩) لە ٢٠٢٥/٢/٥، تایبەت بە ڕاگرتنی دامەزراندن بە هەموو شێوازەکان.

١١- هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە، پێویستە دەستبەجێ وەزارەتەکان کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ڕێکخستنەوەی داهاتی وەزارەتەکانیان بە ئاڕاستەی زیادکردنی داهات و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی، و چالاککردن و ئاسانکاری بۆ ڕێکار و شێوازی وەرگرتن و کۆکردنەوەی داهاتەکان، و پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزاری و کارئاسانی بۆ هاووڵاتییان لە کاتی پێدانی شایستەی دامەزراوەکانی هەرێم، و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و بەدیجیتاڵکردن و شێوازی ئەلکترۆنی لەم بارەیەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان دەرئەنجامی کارەکانیان لەسەر ئەم بڕگەیە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن تاوەکو بخرێتە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران.

١٢- پێدانی دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری بۆ دەرکردنی ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی هاتوو لە سەرەوە.

١٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٣١ بەردەوام دەبێت، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢٠٣٥٢ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٢**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٥٩) لە یاسای دەست دانە پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و ماددەی (٢) بڕگەی بیستەم و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی٢٠٠٧ و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٦) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و بە مەبەستی ئاسانکاری لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**میکانیزم ومەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور لە لایەن پزیشکان و دەرمانسازان بۆ پێدانی دەرمانی کۆنترۆڵکراو لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم: وەزیر:** وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

**شەشەم: سەندیکا:** سەندیکای پزیشکانی کوردستان وپزیشکانی ددان ودەرمانسازان.

**حەوتەم: لیست:** ئەو لیستانە کەلە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر وکارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە.

**هەشتەم: دامەزراوە تەندروستیەکان:** دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت وکەرتی هاوبەش.

**نۆیەم: دەرمانی کۆنترۆلکراو:** ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لە سەر هۆشیاری نەخۆش دروست دەکات، تەنها پزیشک دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ چارەسەر کردن بنوسێت.

**دەیەم: ڕەچەتەی سوور:** بریتیە لە پسوولەیەکی تایبەت بۆ نووسینی دەرمانی کۆنترۆڵکراو کە تەنها پزیشکی مۆڵەتپێدراو دەتوانێت بە کاری بهێنێت.

**یازدەم: پزیشکی چارەسەرکار:** ئەو پزیشکەی کە دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ مەبەستی چارەسەرکردن بنوسێت.

**ماددەی (٢):**
لە کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەت تەنها پزیشکی پسپۆر لە کاتی پێویست دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆلکراو بنووسێت.

**ماددەی (٣):** مەرجەکانی بەکار هێنانی ڕاچێتەی سوور لە لایەن پزیشکان:
١- ڕاچێتەی سوور تەنها بۆ چارەسەری نەخۆش خەرجدەکرێت.
٢- بە ڕاچێتەی سوور تەنها دەرمانی کۆنترۆڵکراو خەرجدەکرێت.
٣- پزیشکی چارەسەرکار دەبێت مۆڵەتی کارکردنی لە سەندیکای پزشکان یان سەندیکای پزیشکانی ددانی هەبێت.
٤- نووسینی دەرمانی کۆنترۆڵکراو پێویستە پەیوەندی بە پسپۆری پزیشک وە نەخۆشیەکەوە هەبێت.
**٥-** پزیشک نابێت هیچ بڕێک لە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵیی بۆ مەبەستی بە کارهێنانی تایبەت بۆ خۆی بنووسێت.

**ماددەی (٤):** کلێشەی تایبەت بە ڕاچێتەی سوور:
**یەکەم:** کلێشەی تایبەت بە ڕاچێتەی سوور کە بە شێوەیەکی زانستی لە لایەن سەندیکای پزیشکانی کوردستان و بە چاودێری وەزارەتی تەندروستی ئامادە دەکرێت.
**دووەم:** پێویستە ڕاچێتەی سوور ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:
أ- زانیاری لە سەر پزیشکی چارەسەرکار:
١- ناوی سیانی.
٢- ژمارەی تۆماری لە سەندیکای پزیشکانی کوردستان یان سەندیکای پزیشکانی ددان.
٣- ژمارەی مۆبایلی نۆرینگە.
٤- واژوو ومۆری پزیشکەکە.
٥- پسپۆریەکەی.
ب- زانیاری لە سەر دەرمانەکە:
١- ناوی زانستی دەرمانەکە.
٢- هێزی دەرمانەکە. (        )
٣- شێوەی دەرمانەکە (        )
٤- ڕێکەوتی نووسینی دەرمانەکە بە ڕۆژ و مانگ وساڵ.
٥- بڕ و ماوەی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ.
٦- چۆنیەتی بەکار هێنانی دەرمانەکە.

ت- زانیاری لە سەر نەخۆشەکە:
١- ناوی چواری نەخۆشەکە، ژمارەی مۆبایل، شوێنی نیشتەجێ بوون.
٢- جۆری نەخۆشی.
٣- پێویستە ژمارەی ناسنامەی نەخۆش لەسەر ڕاچێتەکە بنووسرێت (ژمارەی کارتی نیشتیمانی یان پاسپۆرت).

**سێیەم:** پێویستە ڕاچێتەی سوور بەم شێوەی خوارەوە بێت:
کۆد و ژمارە وهێمای لایەنی پەیوەندیدارەکان بریتیە لە (وەزارەتی تەندروستی - سەندیکای پزیشکان - سەندیکای پزیشکانی ددان - سەندیکای دەرمانسازان) زانیاری تەواوی لە سەر بێت بە شێوەیەک کە ڕێگری بکرێت لە ساختەکردن وخراپ بەکارهێنانی تەنها بۆ یەک جار بەکار دەهێنرێت.

**ماددەی (٥):**
١- پێویستە ڕاچێتەی سوور بە سێ وێنە و بە ڕەنگی جیاواز چاپ بکرێت:
أ- وێنەیەک لای پزیشکی چارەسەرکەر دەمێنێتەوە بە ڕەنگی زەرد بە شێوەیەک کە لە سەر ئەو لاپەرە زەردە پێویستە بە روونی بنووسرێت کە ئەم ڕاچێتە بۆ سەرف کردنی دەرمان نیە وتەنها بۆ زانیاریە.
ب- وێنەیەک بۆ دەرمانخانەی سەرفکەر بە ڕەنگی سوور دەبێت وتەنها بەم ڕەنگە دەرمانخانە بۆی هەیە دەرمان سەرف بکات.
ج- وێنەیەک بە ڕەنگی سپی لەلای نەخۆش دەمێنێت بە شێوەیەک کە لەسەر ئەو لاپەرە سپیە پێویستە بە ڕوونی بنووسرێت کە ئەم ڕاچێتە بۆ سەرف کردنی دەرمان نیە وتەنها بۆ زانیاریە لە لای نەخۆش دەبێت.
٢- ماوەی کارکردن بە ڕاچێتەی سوور پاش ڕێکەوتی دەرچوونی تەنها یەک هەفتەیە لە ڕێکەوتی واژۆکردنی لە لایەن پزیشک وە دوای ئەو ماوەیە دەرمان پێی خەرج ناکرێت لەلایەن دەرمانخانەکان.

**ماددەی (٦):**
١- پێک هێنانی لیژنەی ساڵانەی جێبەجێ کردنی ڕاچێتەی سوور لە وەزارەتی تەندروستی بەئەندامیەتی نوێنەرانی سەندیکای پزیشکان وسەندیکای پزیشکانی ددان وسەندیکای دەرمانسازان تایبەت بە دروست کردن ودابەش کردنی پەرنووس ڕاچێتەی سوور بە پزیشکان.
٢- وێنەیەک لە پەرنووسی ڕاچێتەی سووری بەکارهاتوو لە لایەن پزیشک دەگەرێتەوە بۆ سەندیکای پزیشکان، وسەندیکای پزیشکان دەبێت ئاگاداری لیژنەی جێبەجێکاری ڕاچێتەی سوور و بەشی تایبەتمەند لە وەزارەتی تەندروستی بکاتەوە لە سەر هەموو ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی پەرنووسی ڕاچێتەی سوور هەیە بە شێوەی ڕاپۆرتی مانگانە.

**ماددەی (٧):**

لە کاتی هەبوونی سەرپێچی وەزیری تەندروستی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندنی سەرپێچیەکان پێک دەهێنێت بە ئەندامیەتی سەندیکا پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری سەرپێچیەکان ودواتر مامەڵەکردن بەپێی یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەرەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لە کاتی سەرپێچی کردنی مەرجەکانی بە کار هێنانی ڕاچێتەی سوور یان پێدانی زانیاری نادروست سەرپێچیکار بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان سزا دەدرێت.

٢- لە کاتی ساختە کردنی ڕاچێتەی سوور وبەکار هێنانی ڕاچێتە ساختەکراوەکە سەرپێچی کار ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

تێچووی دروستکردن و چاپکردنی دەفتەری ڕاچێتەی سوور دوای دروستکردنی لەلایەن سەندیکای پزیشکان دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکی چارەسەرکەر.

**ماددەی (٩):**

لە کاتی وون بوونی هەر دەفتەرێکی ڕاچێتەی سوور پێویستە بە زووترین کات و بە شێوەی فەرمی پزیشک سەندیکای پزیشکان وبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سنووری کارکردنی پزیشکی چارەسەرکەر ئاگادار بکاتەوە و بەپێچەوانەوە خودی پزیشک بەرپرسیار دەبێت لە رووی یاساییەوە.

**ماددەی (١٠):**

سەبارەت بە نەخۆشخانە تایبەتیەکان بۆ بەکارهێنانی پەرنووسی ڕاچێتەی سوور بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشخانە دەخەوێندرێن، پەرنووسی ڕاچێتەی سوور لە سەندیکای پزیشکان وەردەگرن و بەمۆری نەخۆشخانە وپزیشکی پسپۆر بۆ نەخۆش دەرمانی کۆنترۆلکراو خەرج دەکرێت بەهەمان ئەو مەرجانەی ئاماژە پێکراون لەسەرەوە لەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١١):**

سەرف کردنی دەرمانی ڕاچێتەی سوور لەدەرمانخانەکان تەنها لەلایەن پزیشکی دەرمانساز وە دەبێت

**ماددەی (١٢):**

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی٢٠٢٤ (ڕێنمایی میکانیزم و مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور لە لایەن پزیشکان و دەرمانسازان بۆ پێدانی دەرمانی کۆنترۆڵکراو لە هەرێمی کوردستان).

**ماددەی (١٣):**

کار بە هیچ دەقێک ناکریت کە هاودژ بێت لە گەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**
**ژمارە: ٣٢٦٠ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بۆ ڕێکخستن و پەیڕەوکردنی شێوازێکی گونجاو و یاسایی لە بواری مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی ئەو کار و پیشانەی لە ڕووی تایبەتمەندییەوە مۆڵەتدان و چاودێری و بەسەرکردنەوەیان لە ئەستۆی وەزارەتمان، بڕیارماندابە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**مۆڵەتدانی خاوەن پیشە هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم ڕێنماییە:**

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: حکومەت:** حکومەت هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

**چوارەم: وەزیر:** وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان.

**پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگا، بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئیدارە سەربەخۆکان.

**حەوتەم: خاوەن پیشە هونەرییەکان:** هەموو ئەو کەسانەن کە مۆڵەتدانیان لە وەزارەتە، بەپێی پۆلێنکردنیان لە لیستی ئەم ڕێنماییە، ئەمەش بەپێی جۆری پیشەکانیان کە لە لیستەکە ئاماژەی پێکراوە.

**ماددەی (٢): مەرجەکانی مۆڵەتدان بۆ یەکەم جار:**

**یەکەم:** هەر هاووڵاتییەک بیەوێت مۆڵەت وەربگرێت، سەرەتا بەپێی (جۆری پیشەکەی) داواکارییەک پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەر) یان (بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە) یان (بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئیدارە سەربەخۆکان)ی شارەکان دەکات، دواتر بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکە، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن، دەبێت داواکارییەکە مێژووی ڕۆژی لەسەر بێت، پاشان ئەو بەڵگەنامانەش دەخاتە بەردەست:

١- دەبێت تەمەنی داواکاربۆ وەرگرتنی مۆڵەت لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ئەگەر فەرمانبەر بێت، دەبێت بە فەرمی لاری نەبوونی وەزیری پەیوەنداری هەبێت بۆ ئەم کارە.
٣- فۆتۆکۆپی ڕەگەزنامەی عێراقی (الجنسية العراقية) یان کارتی نیشتمانی.
٤- کارتی نیشتمانی، بۆ کەسانی بیانی دەبێت ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بەمەرجێک لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت.
٥- وێنەی نوێ.
٦- بڕوانامەی خوێندن، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە بیسەلمێنێ خوازیاری داواکاری مۆڵەت خوێندەواری هەیە، بەپێی داواکاری پیشەکەی.
٧- پشگیری باجی دەرامەت بۆ سەلماندنی ئەوەی قەرزاری دەوڵەت نییە و باجی دەرامەتی ئەو ساڵەشی داوە کە مۆڵەتی تێدا وەردەگریت.
٨- ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (کاروباری ناوخۆ یان ئاسایشی پارێزگا) بۆ ئەوانەی جاری یەکەم مۆڵەت وەردەگرن.
٩- بەڵگەنامەی وەرگرتنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی پارێزگا بۆ وەرگرتنی یەکەم مۆڵەت.
١٠- گرێبەستی دوکان یان کار یان شوێن یان نووسینگە کە کاری تێدا دەکات، بەمەرجێک لە بەڕێوەبەرایەتی باجی موڵکایەتیدا پەسەند کرابێت و ڕەزامەندی درابێت، یان بۆ ئەو شوێنانەی تاپۆ نین پشگیری قائیمقام یان بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکانی پێویستە، یان پشتگیری باجی خانوبەرە بهێنێت کە لارییان نییە لە جێبەجێکردنی کاری هاووڵاتییەکە بەمەرجێک لە پشتگیرییەکە ناوی خاوەن موڵک و ژمارەی موڵک و ناوی کرێچی دیاری کرابێت، خاوەن موڵک قەرزاری ئەو ساڵە نەبێت کە مۆڵەتەکە وەردەگرێت یان نوێی دەکاتەوە.
١١- هاووڵاتی بۆی هەیە لە مۆڵەتێک زیاتری هەبێت، بەمەرجێک بریکاری ڕەسمی بۆ شوێنەکانی دیکەی هەبێت یان پشگیری خانووبەرە کە لارییان نییە هاوڵاتی ئەم کارە بکات، بەمەرجێک ژمارەی موڵک و ناوی خاوەن موڵکی تێدا بێت.
١٢- ئەو کرێکارانەی کە لەم شوینانە کار دەکەن، دەبێت دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەن .

**دووەم:** داواکاری مۆڵەت دەبێت بەڵێن بدات کە پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت لەم بوارانەی خوارەوە:
١- بەر لە تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەی دەبێت داوای تازەکردنەوەی بکات.
٢- ڕۆژی یەکەمی دوای تەواوبوونی مۆڵەتی پێشووی بە یەکەم ڕۆژی مۆڵەتی تازەی دەژمێردریت ئەگەر هاتوو ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەت دانەوەی درا.
٣- گواستنەوە یان گۆڕینی ناوی شوێن یان پیشە یان زیادکردنی پیشەیەکی تر بۆ سەر کارەکەی یان هەر کارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە گۆڕانکاری لە کارەکەیدا، دەبێت مۆڵەت دراو لە گۆڕانکارییەکان بە نووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکە ئاگادار بکاتەوە و ڕەزامەندی پێشوەختە وەربگریت، بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٤- ئەو خاوەن مۆڵەتەی مۆڵەتەکەی نوێ ناکاتەوە دوای ساڵێک یان زیاتر، پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان بکات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، دەبێت خاوەن مۆڵەت داواکارییەک پێشکەش بکات، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، دواتر پێویستە لیژنەی کەشفی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکە سەردانی شوێنی کارکردنی خاوەن مۆڵەت بکات دوای وەرگرتنی زانیاری و شاهیدی دوو دراوسێ دوکان، کە ئاگادارن لەو بابەتە وە ژمارەی پێناس و ژمارەی تەلەفۆنیان لێ وەربگیرێت و دەبێت واژۆ لەسەر کۆنوسەکە بکەن، کە وەک بەڵگە وەردەگیرێت، کە خاوەن مۆڵەت کاری نەکردووە یان بۆ چەند ساڵێک کاری کردووە و دواتر مولکەکەی ڕادەستی خاوەن مولک کردۆتەوە، ئەوا رسومی ئەو ساڵانەی لێ وەردەگیرێت کە کاری لە دوکانەکەدا کردووە دواتر مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە لەو ڕێکەوتەی کە دوکانەکەی چۆڵ کردووە.

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەت بۆماوەی (١) یەک ساڵ دەبێت، بۆ نوێکردنەوە مۆڵەت دەکرێت لە نێوان (١ تا ٣) ساڵ بێت، بەپێی داواکاری مۆڵەت پێدراو.

**چوارەم:** نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانەیە ئەگەر هاووڵاتییەک لە دوای تەواوبوونی ساڵەکە مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە لەکاتی نوێکردنەوەی رسوماتی هەموو ساڵەکانی لێ وەردەگیرێت.

**پێنجەم:** نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانەیە ئەگەر هاووڵاتییەک لە دوای تەواوبوونی ساڵەکە مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە لەکاتی نوێکردنەوەی رسوماتی هەموو ساڵەکانی لێ وەردەگیرێت، هەموو ئەو کەسانەی وەکو کەسی دووەم یان هاوبەش یان وەکو کارمەند لەلای کەسی یەکەمی مۆڵەتدراو کار دەکەن، دەبێت شوناسنامەی تایبەتیان پێ بدرێت دوای ئەوەی ڕەزامەندی بۆ وەردەگیرێت، ئەوانیش کە وەکو نوێنەر کار دەکەن دەبێت لە (فەرمانگەی دادنووسی)ەوە وەکالەتی ڕەسمییان بۆ کرابێت لەلایەن کەسی مۆڵەتدراوەوە لەپاڵ ڕەزامەندیی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (٣):**

مەرجەکانی تازەکردنەوەی مۆڵەت: هەر داواکارێک بۆ تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەی داواکارییەک پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکەی دەکات، پاش ڕەزامەندی ئەم بەڵگەنامانە دەخاتە ڕوو:

١- بەڵگەنامەی دانی باجی دەرامەت بۆ ئەو ساڵەی کە مۆڵەتی تێدا تازە دەکاتەوە.

٢- یەک وێنەی نوێ.

٣- گەڕاندنەوەی ناسنامە و ئەنکێتی مۆڵەتی ساڵی پێشوو.

٤- بەڵگەنامەی ڕەزامەندی دەزگاکانی (وەزارەتی ناوخۆ) و (ئاسایشی پارێزگا) ئەگەر گرفتێک لە کارەکەیدا هەبێت.

٥- ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەم پیشانەی خوارەوە مۆڵەتی یاسایی دەیانگرێتەوە و هەموو ئەو کەس و داواکارانە لەم بوارانەدا کار دەکەن دەبێت مۆڵەتی یاساییان هەبێت، بەپێچەوانەوە بواری کارکردنیان نادرێت.

**دووەم:** هەر پیشەیەکی تری نزیک لەم جۆرە پیشانە بێتە کایەوە، خاوەن پیشەکە دەبێت مۆڵەتی یاسایی بۆ وەربگرێت.

## پیشەکان:

١- کۆمپانیـاو نووسـینگە ڕۆشـنبیری و هـونەری و ڕاگەیانـدن و بڵاوکـردنەوە و چـاپ و ڕیکـلام کە مۆڵەتیان لە وەزارەتی بازرگانی پێدراوە.

٢- شوێنەکانی چاپی سکرین.

٣- نووسینگەی زەنگۆگراف و کاری هەڵکۆڵین.

٤- نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و فێرگە هونەرییەکان.

٥- نووسینگەی کاری کۆمپیوتەر.

٦- سەنتەرەکانی کاری فرۆشتنی CD و DVD .

٧- تۆمارگەکانی کاسێت.

٨- ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ.

٩- فۆتۆکۆپی و کەپسی ناسنامە.

١٠- نوسینگەکانی نەخشەسازی و کاری دەستی.

١١- نوسینگەکانی مۆر هەڵکەندن.

١٢- کتێبخانە و پەراوگەکان.

١٣- نووسینگەکانی خۆشنووسی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

١٤- ئیعلاناتی (ضوئی) و فلیکس و بارز، شاشە.

١٥- تاقیگەکانی شوشتنەوەی وێنە.

١٦- ستۆدیۆکانی وێنەگرتن.

١٧- وێنەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆ.

١٨- وێنەگرانی گەڕۆکی فۆتۆ، یان وێنەگرانی گەڕۆک ئەوانەی سەر بە ستۆدیۆی وێنەگرتنن.

١٩- نووسینگەکانی تجلیدی کتێب.

٢٠- دروستکردنی پێناسی پلاستیکی.

٢١- نووسینگەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی فۆلکلۆری.

٢٢- نووسینگەکانی فرۆشتنی مۆمیاکراوەکان.

٢٣-نووسینگەی فرۆشتن و بەکرێدانی کەرەستەکانی فیلمسازی و سینەما.

٢٤- فۆتۆگرافەر.

٢٥- نووسینگەی فرۆشتن و بەکرێدانی ئامێر و کەرەستەکانی موزیک.

٢٦-نووسینگەکانی ڕاهێنانی هونەری و ڕۆشنبیری، تیپە هونەرییەکان.

**ماددەی (٥): کتێبخانەکان:** بۆ مۆڵەتدانی کتێبخانەکان ئەم خاڵانەش دەبێت پەیڕەو بکرین:

١- جگە لە وەرگرتنی مۆڵەتی کتێبخانە دەتوانێت مۆڵەتی فۆتۆکۆپیش وەربگرێت گەر ئامێری فۆتۆکۆپی بەکاربهێنرێت لە دوکانەکەیدا.

٢- ئەگەر کتێبخانەکە (کۆشک) بوو، دەبێت خاوەنەکەی ڕەزامەندی بەڕیوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگا وەربگرێت.

٣- هەر کتێبخانەیەکی مۆڵەتدراو گەر لقێکی دیکەی بەجیا هەبێت، یان لە دوکانێکی بەجیا دایبنابێت، ئەوە دەبێت مۆڵەتدراو بۆ ئەمەشیان مۆڵەتی یاسایی بەجیا وەربگریت.

**ماددەی (٦): نووسینگەی کۆمپیوتەر و شوێنەکانی چاپی سکرین و زەنگۆگراف و نەخشەسازی.**

داواکارانی کۆمپیوتەر بۆ کاری کۆمپیوتەر و چاپی سکرین دەبێت بە وردی پابەندی ئەم خاڵانەش بن:

١- مۆڵەتدراوان بۆیان نییە بەهیچ شێوەیەک کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە یان کیس و کلێشەی پەیوەندیدار بە کەرەستە و خۆراکی بواری ئابووری، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگا چاپ یان ڕەنووس بکات.

٢- لە کاتێکدا مۆڵەتدراو بۆی نەکرێت لە شوێنی کارەکەدا کار بکات، دەبێت وەکالەتیکی گشتی لە (فەرمانگەی دادنووسی) بۆ بریکار بکات، لەپاڵ ڕەزامەندی دەزگاکان.

٣- هەر چاپکراوێک دەبێت ناوی سیانی نووسینگەی بەسەرەوە بێت، بۆ زەنگۆگراف و سکرینیش دەبێت بە وردی ناوی تەواو ومۆڵەتی ئەو دەزگایە تۆمار بکات کە کارەکەی بۆ ئەنجام دراوە، لەکاتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکانیش مۆڵەتدراو بەپێی یاسا سزا دەدریت.

٤- هەردوو دەزگای کۆمپیوتەر و سکرین دەبێت تۆمار و دۆسیەی تایبەتییان هەبێت و هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن تیایدا تۆمار کرابن و هەڵگیرابن و لەکاتی پشکنین بخرێنە ڕوو.

**ماددەی (٧):**

تاقیگە و ستۆدیۆکانی وینەگرتن و وێنەگری فۆتۆگراف و وینەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆیی و وێنەگرانی گەڕۆکی فۆتۆ و وێنەگرانی گەڕۆکی سەر بە ستۆدیۆکانی وێنەگرتن مۆڵەتدان بۆ ئەم جۆرە بابەتانە کار بە ڕێنمایی مۆڵەتدانی وینەگران لە کوردستان (کە بە ژمارە ٧٩٦٩ لە ٢٠١٣/٨/٢١ دەرچووە) بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان دەکرێت، پێویستە داواکاری مۆڵەت پشتگیری کۆمەڵەی وێنەگرانی هەبێت.

**ماددەی (٨): نووسینگەکانی مۆر هەڵکەندن:**

١- مۆڵەتدراو دەبێت تۆمارێکی هەبێت نموونەی هەموو ئەو مۆرانەی تیدابێت کە ڕۆژانە دروستیان دەکات، لەپاڵ ناوی ئەو کەسانەی مۆرەکە بەکردن دەدەن و ئەوانەی وەری دەگرنەوە، لەگەڵ ژمارە و ڕۆژی ئەو نووسراوەی لە دەزگا بەرپرسەکانەوە پێیان دراوە بۆ دروستکردنی ئەو مۆرانە، ئەویش بەپێی مەرجی یاسایی و ئەو ڕێنماییانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەیاندرێتێ.

٢- دەبێت تۆمارەکە بە ڕوونی ناو و ناونیشانی ئەو کەسە یان ئەو لایەنەی تێدا بنوسرێ کە داوای دروستکردنی مۆرەکەی کردووە.

٣- هەر دوو مانگ جارێک بە نوسراوێکی تایبەت و لە تۆمارێکی تایبەتدا نموونەی هەموو ئەو مۆرانەی دروستکراون دەدرێنە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ ئەو نوسراوانەی بۆ دروستکردنی مۆرەکان لە دەزگا و دائیرە و حزب و لایەنەکانەوە وەریان گرتووە، هەموو ئەم زانیاریانەش دەبێت لە تۆماری سەرەکی نووسینگە تۆمار کرابن.

٤- لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەموو کات و ساتێکدا بۆی هەیە نووسینگەکە بە هەموو بەشەکانیەوە بەسەر بکاتەوە و بپشکنێت.

٥- خاوەن نووسینگە لە هەر کارێکی نایاسایی بەرپرس دەبێت.

٦- لە کەسی مۆڵەتدراو بەولاوە کەسێکی دیکە بۆی نییە لە کارگەکەدا کار بکات، بەپێچەوانەوە سەرپێچیکار توندترین سزا دەدرێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و فێرگە هونەرییەکان

**دووەم:** تۆمارگەکانی کاسێت و سی دی

**سێیەم:** نەخشەسازی و دیکۆرکێشانی بواری ڕاگەیاندن

**چوارەم:** ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ

- هەموو ئەو شوین و دەزگایانەی سەرەوە دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:

١- دەبێت پابەندی هەموو ئەو ڕێنماییانە بن کە بۆ کارەکانیان دەردەکرێن.

٢- لە هەموو نووسینگەکاندا دەبێت تۆماری تایبەت بە کاروباری پشکنین هەبێت لەپاڵ دۆسیەی نوسراو و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٣- تۆمارگەکانی دەنگ دەبێت تۆماری تایبەتیان هەبێت بۆ ئەو کاسێتانەی بڵاوی دەکەنەوە، هەر کاسێتێکیش مۆڵەتی ڕەسمی نەبێت لە دەزگا پسپۆڕەکانەوە ئەوە بەپێی یاسا قەدەغەیە و خاوەن تۆمارگە نابیت بەکاریان بێنێت و بلاویان بکاتەوە.

٤- تۆمارگەکان دەبێت ئەو کاسێتانە بڵاو نەکەنەوە کە زەرەر بە دابوو نەریت و کەلەپووری کوردستان دەگەیەنن.

٥- لە کاتی فرۆشتن و گواستنەوەی دوکان، یان نووسینگە، تۆمارگە دەبێت پێشتر بە نووسین ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت.

٦- هەر سەرپێچیەک لە کارەکاندا بکریت بەپێی یاسا مۆڵەتدراو سزا دەدرێت.

٧- نەخشەسازی و دانانی دیکۆر لە بوارەکانی تەلەفزیۆن و ئاهەنگەکان و کۆنفرانس و فیستیڤاڵەکان.

٨- فێرگە هونەرییەکان لە بوارەکانی (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکار، سینەما)، پێویستە هەڵگری بڕوانامە یاخود پسپۆر بن لە بوارەکەدا، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پشتگیریان بکات.

**ماددەی (١٠):**

فۆتۆکۆپی (أستنساخ) - کەپسی ناسنامە (کبس الهويات) - پەڕاوگە (القرطاسية) داواکارانی مۆڵەتی ئەم پیشانە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکەن:

١- ئەو کەسانەی داوای مۆڵەتی ئەم پیشانە دەکەن دەبێت شوێنی دیار و گونجاویان هەبێت بەمەرجێک لەگەڵ سروشتی پیشەکانیاندا بگونجێت.

٢- داواکاری مۆڵەت دەبێت خۆی کاروباری شوینە مۆڵەتدراوەکە بەڕیوە ببات و لەوە بترازێت نابێت کەسی دووەم، یان هەر کەسێکی دیکە لەو شوینەدا کار بکات، مەگەر وەکالەتی گشتی یان تایبەتی لە (فەرمانگەی دادنووسی)ەوە هەبێت.

٣- جگە لەو پیشەیەی مۆڵەتی بۆ وەرگرتووە، دەتوانێت پیشەیەکی تریش لە دوکانەکەیدا بکات بەمەرجێک ئەو پیشەیە:

أ- لە ڕێنمایی ڕۆشنبیریدا هەبێتو ئەو دوو پیشەیە تەواوکەری یەکتربن و بگونجێن بەمەرجێک لە ژووری بازرگانی ئەم پیشە نوێیە بۆ سەر ناوی بازرگانی زیاد بکات.

ب- ڕەزامەندی دەزگاکانی ناوخۆی بۆ وەربگیرێت.

ج- رسومی ئەم کارە (پیشە) نوێیەشی لێ وەردەگیرێت.

د- لە باجی دەرامەتیش ئەو پیشەیە زیادبکریت، واتە ئەستۆپاکی هەبێت.

بۆ نمونە: هاووڵاتییەک مۆڵەتی کۆمپیوتەری هەیە، دواتر داوای زیادکردنی فۆتۆکۆپی دەکات بۆ سەر کارەکەی، دەبێت بە کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی ، یان مۆڵەتی وێنەگری هەیە دواتر داوای زیادکردنی فۆتۆکۆپی دەکات بۆ سەر کارەکەی دەبێت بە وینەگر و فۆتۆکۆپی.

٤- مۆڵەتدراوانی پیشەی فۆتۆکۆپی و تایپ کاری هەر کارێکی نامەشروع و قەدەغەکراو ئەنجام بدەن ئەوە بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

٥- مۆڵەتدراوانی ئەم پیشانەی سەرەوە لەکاتی گواستنەوە یان هەر کارێکی دیکە پەیوەست بە گۆڕانکاری لە کارەکانیدا دەبێت لەماوەی دوو هەفتەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە.

**ماددەی (١١):**

نووسینگە و تۆمارگەکانی ڤیدیۆ و CD و DVD، ئەم پیشانە ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە دەیانگرێتەوە:

١- مۆڵەتدراو دەبێت پابەندی هەموو بنەماکانی داب و نەریتی کوردەواری بێت و بەهیچ جۆرێک نابێت ئەو فیلمانە بڵاوبکاتەوە یان تۆمار بکات کە کاری خراپ یان زیان بە کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیەنێت.

٢- هەموو ئەو فیلمانەی لە نوسینگەکە یان لە تۆمارگاکەدا دایان دەنێت، دەبێت لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمار کرابن و مۆری دەزگا پسپۆڕەکانیان پێوەبێت و لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەت درابن.

٣- لیژنەی چاودێری و پشکنین بەردەوام ئەو نووسینگانە بەسەر دەکاتەوەو بۆی هەیە لە هەر کات و ساتێکدا ئەو شوێنانە بپشکنێت و ئەو فیلمانەی لەبەر دەستتان یەکە یەکە بیان پشکنێت و سەرنجیان بدات و ئەوانەی قەدەغەن دەستیان بەسەردا بگرن و خاوەنەکانیشیان بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت.

٤- دەکریت مۆڵەت بدرێتە ئەو کۆمپانیا و نووسینگانەی کە فیلم لە دەرەوەی هەریم دێنن بەنیازی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەپێکردن، هەروەها ئەو دەزگایانەی کە فیلم بەرهەم دێنن ئەویش لە ڕێگەی خاوەن یان نوێنەری دەزگاکە.

٥- بەڕیوەبەرایەتی گشتی بە نوینەرایەتی وەزیری ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێم بۆی هەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی بخوازێت، مۆڵەتەکە لە یەک لاوە هەڵبوەشێنێتەوە، هەر کاتێکیش هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە نەما ئەوە بۆی هەیە دووبارە داوای مۆڵەت بکاتەوە.

٦- دەبێت ئەو بابەتانەی لەسەر کاسێتەکە تۆمار دەکرێن لەلایەن دەزگا پسپۆڕەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە مۆڵەت دراین و هیچ گرفتێکیان نەبێت.

٧- لە حاڵەتی مردنی خاوەن مۆڵەت بە هەڵوەشاندنەوە دادەنریت، مەگەر میراتگرەکانی داوای تازەکردنەوەی بکەن، لەو کاتەوە پابەند دەبن بەم ڕێنماییانەوە.

٨- کەسی مۆڵەتدراو ئەگەر نووسینگەکە بفرۆشێت، یان واز لە بەشێکی بێنێت بۆ یەکێکی دیکە، ئەوە دەبێت ئەو کەسەی دەیکڕێت هەموو مەرجەکانی ئەم ڕێنماییەی تێدا بەدی بێت و دەبێت داواکارییەکیش پێشکەش بکات بۆ گواستنەوەی مۆڵەتەکە بۆ سەر ناوی خۆی، چ هەموو مۆڵەتەکە بێت یان بەشێکی.

٩- مۆڵەتدراو دەبێت ئەم تۆمارانە لە نووسینگەکەیدا هەبن:

أ- تۆمارێک بەناونیشانی ئەو کاسێتانەی لە نووسینگەکەدا هەن.

ب - تۆمارێک بۆ لیژنەی پشکنین و بەسەرکردنەوە.

ج- تۆماریک بۆ ئەو کاسێتانەی لەلایەن لیژنەی چاودێری و دەزگا بەرپرسەکان دەبردرێن بۆ پشکنین و بەسەرکردنەوە.

د - دۆسیەیەکی تایبەت بە نووسراو و ڕێنماییەکان کە بۆ کاری ڕۆژانە بەکاردێن.

١٠- نووسینگەکانی ڤیدیۆ ئەوانەی کاری وێنەگرتن و کاسێت فرۆشی دەکەن، لەگەڵ ئەو تۆمارگایانەی تەنها کاری تۆمارکردن دەکەن، هەموو ئەو بڕگە و خاڵانەی سەرەوە وەکو یەک دەیانگرێتەوە.

١١- هەموو ئەو کەسانەی بەبێ مۆڵەت کاسێت و سی دی و فیلمی ڤیدیۆیی دەفرۆشن و مامەڵەی پێوە دەکەن، لەم کارە قەدەغە دەکرێن و لەکاتی سەرپێچی کردندا دەست بەسەر کاسێت و فیلمەکانیاندا دەگیرێت و خۆشیان سزا دەدرێن.

**ماددەی (١٢):**

خۆشنووسان- کۆڵین و نەخشی سەردار و مەڕمەڕ و بەرد و شوشە - نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆکی کتێب و دیکۆراتی زەخرەفە.

هەموو ئەو نووسینگانەی سەرەوە دەبیت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١- دەبێت شوێن و نووسینگەی تایبەتییان هەبێت بۆ کاری ڕۆژانەیان.

٢- سەرجەم خۆشنوسان دەبێت پابەندی یاسا و ڕێساکانی خۆشنووسی بن و دەبێت لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیرییان لێ بکرێت.

٣- داواکاری مۆڵەت بۆ یەکەم جار دەبێت لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیری لێ بکرێت و لە تاقیکردنەوەش سەر بکەوێت کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دەکرێت.

٤- هەموو خاوەن نووسینگەکانی لە سەرەوە دیاری کراون لە خۆیان و وەکیل و کارمەندە هاوکارەکانیان بترازێت نابێت کەسێکی دەیکە لە نووسینگەکانیاندا کار بکات، بەمەرجێک وەکیل و کارمەندەکانیان بەڕەسمی مۆڵەت درابن، یان وەکالەتی گشتی (فەرمانگەی دادنووسی)یان هەبێت.

٥- لەکاتی گواستنەوەی نووسینگە، یان هەر گۆڕانکارییەک کە لە نووسینگەکەدا ڕوویدات مۆڵەتدراو پێش دوو هەفتە دەبێت بە نووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆی لێ ئاگادار بکات.

٦- خاوەن نووسینگەکانی خۆشنووسی دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:

أ- پەیڕەوکردنی لایەنی ڕێک و پێکی و جوانکاری لە نووسینگەکەدا.

ب- مۆڵەتەکەی لە شوێنێکی بەرچاو لەنێو نووسینگەکەیدا هەڵبواسێت.

ج- هەر نووسینێکی دەینوسێت دەبێت ناوی خۆی لەسەر بنوسێت.

٧- لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەر کات و ساتێکدا بۆی هەیە نووسینگەکانی بەسەر بکاتەوە، بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان و پابەندبوون پێیانەوە.

٨- هەموو ئەو نووسینگانەی بەبێ مۆڵەت کار دەکەن و مەرجی یاساییان نییە بەهۆی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەکار قەدەغە دەکرێن و بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

٩- ئەو خۆشنووسانەش کە شوێن و نووسینگەی تایبەت بە خۆیان نییە، دەبێت پشتگیری نووسینگەیەکی خۆشنووسی و ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی یاساییان هەبێت، بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە و بواری کارکردنیان نادرێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** کۆمپانیا و نوسینگەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن وچاپ وڕیکلام- ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس

١- هەموو ئەم کۆمپانیا و نوسینگانەی کاری بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و ڕیکلام دەکەن، کە داوای مۆڵەتی پیشەیی کارەکەیان دەکەن، پێویستە داواکانیان ئاراستەی بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بکەن و پابەند تەواوی ڕینماییەکانی تایبەت بەم بوارە بن کە بەڕیوەبەرایەتی ناوبراو دەیخاتە ڕوو.

٢- خاوەن نووسینگەکانی ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:
أ -پەیڕەوکردنی لایەنی ڕێک و پێکی و جوانکاری لە نووسینگەکەدا.
ب -مۆڵەتەکەی لە شوێنێکی بەرچاو لەنێو نووسینگەکەیدا هەڵبواسێت.
ج -هەر نووسینێکی دەینوسێت دەبێت ناوی خۆی لەسەر بنووسێت.

**ماددەی (١٤):** ئەو کەس و کارمەند و شاگردانەی لە نووسینگە و شوێنە مۆڵەتدراوەکان کار دەکەن: بۆ مۆڵەتدانی ئەمانەش ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێن:
١- داواکارییەک پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکریت.
٢- ڕەزامەندی دەزگاکانی (وەزارەتی ناوخۆ) و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا بۆ جاری یەکەم.
٣- پشتگیری ئەو شوێنەی کارمەندەکە کاری تێدا دەکات.
٤- ئەم بەڵگەنامانەش دەخاتە ڕوو:
أ - فۆتۆکۆپی شوناسنامەی داواکاری مۆڵەت.
ب - ڕەگەزنامەی عێراقی کۆپی کراو یان کارتی نیشتمانی.
ج - دوو وێنەی تازەی داواکاری مۆڵەت.
د - بۆ بیانییەکان ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون.
٥- داواکاری مۆڵەت دەبێت تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٥): ئەحکامی گشتی:**
١- بۆ بەسەر کردنەوە و بەدواداچوونی کاروباری ڕۆژانەی مۆڵەتدراوان لە هەر پارێزگایەکدا لە پارێزگا یان قائیمقامیەت، لیژنەیەکی چاودێری و پشکنین پێک دێت بە سەرۆکایەتی نوێنەری ڕۆشنبیری و بە بەشداری نوێنەرانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، لیژنەکەش هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی خاڵ و بڕگە و بەندەکانی ئەم ڕێنماییە.
٢- لیژنەیەکی پشکنینی هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری پێکدێت لە فەرمانبەرانی بە مەبەستی پشکنین و چاودێری کردنی مۆڵەت پێدان و نوێ کردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (١٦):** داهات یان باجەکانی مۆڵەتدان:
**یەکەم:** داهات: یان باجی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەت بەپێی خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییانەدا وەردەگیرێت و کۆ دەکرێنەوە.
**دووەم:** پارەکان بەپێی پسوولەی (محاسبە ٣٧أ) وەردەگیرێن و کرێی پشکنین و چاودێری و بەسەرکردنەوەش ماوە ماوە بەپێی فەرمانێکی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار بەسەر سەرۆک و ئەندامانی لیژنەدا دابەش دەکرێت بەرامبەر بە ئەرک و ماندووبوونیان بۆ بەدواداچوونی مۆڵەتەکان، بەپێی ڕێنماییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** خشتەی ڕسوماتی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی پیشە هونەرییەکان:

| | جۆری خزمەتگوزاری | ڕەسمی مۆڵەت بۆ یەکەم جار | نوێکردنەوەی مۆڵەت | کرێی کەشف |
|---|---|---|---|---|
| -١ | کۆمپانیا ڕۆشنبیری و هونەرییەکان | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠ هەزار دینار |
| -٢ | سینەماکانی نمایش | ١٠٠٠،٠٠٠ یەک ملیۆن دینار | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١١،٢٥٠ هەزاردینار |
| -٣ | فێرکاری کۆمپیوتەر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزاردینار | ٣،٧٥٠هەزاردینار |
| -٤ | تاقیگەکانی وێنەگرتن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزاردینار |
| -٥ | تیپ و فێرگە مۆسیقییەکان و هونەرییەکانی تر | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠هەزاردینار |
| -٦ | تۆمارگای ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٧ | نووسینگەی ئاسایی ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٨ | وێنە گرتنی فۆتۆگراف | ١٠٠٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٩ | وێنە گرتنی بەر هەتاو | ٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٠ | تۆمارگەی دەنگ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -١١ | نەخشەساز و دیکۆر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٢ | مۆرهەڵکەندن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٣ | خۆشنووس پلە یەک | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٤ | خۆشنووس پلە دوو | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٥ | فۆتۆکۆپی ئاسایی | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣٧ ٥٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٦ | فۆتۆکۆپی ملون | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٧ | ستۆدیۆی وێنەگرتن پلە١ | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -١٨ | ستۆدیۆی وێنەگرتن پلە٢ ئەوانەی تەنها وێنەی معاملە دەگرن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٩ | قرطاسیە پلە یەک (پەڕاوگە) | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٠ | قرطاسیە پلە دوو (پەڕاوگە) | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢١ | کپسی ناسنامە | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٢ | وێنەگرتنی ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٣ | وێنەگرتنی فۆتۆگرافی گەڕۆک | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |
| -٢٤ | بەردەست و شاگردی و تاقیگەکان | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ١،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٥ | سەنتەری تۆمارکردنی سی دی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٦ | دەسفرۆشی سی دی و کتێب هتد... | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |
| -٢٧ | زەنگۆگراف و هەڵکۆڵین لەسەر دار و بەرد و ڕووپۆش | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٨ | نوسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -٢٩ | نووسینگەکانی کۆمپیوتەر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٠ | نووسینگەی دۆبلاژ | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣١ | نووسینگەکانی تجلیدی کتێب | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٢ | دروست کردنی پێناسی پلاستیکی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٣ | ستۆدیۆی دەنگی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |

**چوارەم:** خشتە و ڕسوماتی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی پیشەیی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە ئەنجام دەدرێت:

| | جۆری خزمەتگوزاری | ڕەسمی مۆڵەت بۆ یەکەم جار | نوێکردنەوەی مۆڵەت | کرێی کەشف |
|---|---|---|---|---|
| -١ | چاپخانەی پلە یەک | ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢ | چاپخانەی پلە دوو | ٣٠٠٠٠٠هەزار دینار | ١٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٣ | چاپی سکرین | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠هەزاردینار |
| -٤ | ئیعلاناتی ضوئی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠هەزار دینار |
| -٥ | کتێبخانەکان | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٦ | کۆمپانیای بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و چاپ و ڕیکلام | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠ هەزار دینار |
| -٧ | نوسینگەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن وچاپ و ڕیکلام | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |

**ماددەی (١٧):**

**سزاکان**: لەکاتی سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکان خاوەن پیشە بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) تاوەکو (١٥) ڕۆژ.

(ئەگەر لە ماوەی (١) یەک ساڵ (٢) دوو جار شوێنەکەی داخرا ئەوا مۆڵەتەکەی بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە).

**ماددەی (١٨):**

هەر ڕێنماییەک لەگەڵ ئەم ڕێنماییە نەگونجێت و پێچەوانە بێت، هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی (١٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**حەمەی حەمە سەعید**

**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٩٧٥ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٩**

پاڵپشت بە بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە(١٦٥)ی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٢٩٢) لە ٢٠٢٥/١٠/١٥ بەنووسراویان ژمارە (١٣٢٢٠) لە ٢٠٢٥/١٠/٢٢ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٦) لە ٢٠٢٥/١٠/٢٦بەمەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتهێنانی داهات بەراورد بە خەرجییەکان بڕیاردرا بە :

**ڕێنمایی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**یەکەم:** پێدانی ئەولەویەت بۆ بلۆککردنی بڕی(١٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و بیست ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پابەندی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتی نانەوتی لە پێناوی زامنکردنی خەرجکردنی مووچەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە , و پێویستە ئەم بڕە پارەیە بخرێتە پێش هەموو خەرجییەکانی دیکە .

**دووەم:** جێگیرکردنی پێشینەی بەردەوامی وەزارەت و دامودەزگاکان بە بڕی (٤٨،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چل و هەشت ملیار دینار مانگانە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٣١ نابێت وەزارەت و دامودەزگاکان نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتمان بکەن بۆ زیادکردنی پێشینەی بەردەوام .

**سێیەم:** دابینکردنی گوژمەی(٤٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چل و دوو ملیار دینار مانگانە بۆ خەرجکردنی مووچەی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە سەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەکرێت لەگەڵ خەرجکردنی ئەو شایستانەی خانەنشینانی هەرێم کە لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە خەرج ناکرێت ، پێدانی ئەم مووچانە هاوکات لەگەڵ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەبێت .

**چوارەم:** ڕاگرتنی سەرجەم خەرجییەکان جگە لە پابەندیی و خەرجییەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم )ی سەرەوە و خەرجییە بنەڕەییەکانی وەک (دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی , چاککردنەوەی ڕێگا و بان , پاککردنەوەی شار, خواردنی نەخۆشخانە و بەندییەکان , دابینکردنی کلۆر و پێداویستییەکانی ئاوی خواردنەوە , کرێی خانوو و باڵەخانەکان و ئۆتۆمبێل , کرێی ئاو و کارەبا و ئەنتەرنێت , کرێی نەوت و سوتەمەنی بۆ قوتابخانە و بەشە ناوخۆییەکان و مزگەوت و گرتووخانەکان و ناوچە شاخاوییەکان ), خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکانی دیکە کە لە لایەن وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان زیاد دەکرێت بە ڕەچاوکردنی گرنگی و بایەخی خەرجییەکە , سەبارەت بە خەرجییەکانی پێشوو کە داواکاری خەرجییان پێکراوە لە لایەن وەزارەت و دامودەزگاکان,هێشتا لە پرۆسەی وردبینی و پێداچوونەوەدان بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵات دەدرێت بە وەزارەتمان بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی دارایی ئێستای هەرێم تەنها کار لەسەر ئەو خەرجییە بنەڕەتییانەی سەرەوە بکرێت کە ئاماژەیان پێکراوە , و سەرجەم خەرجییەکانی تر ڕەتبکرێتەوە .

**پێنجەم:** ڕاگرتنی پرۆژەی نوێ بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەر بوودجەیەک بێت (وەبەرهێنان – پەرەپێدانی پارێزگاکان – ئاسایی ) و ڕاگرتنی ئەو پرۆژانەی کە تەرخانی داراییان بۆکراوە بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتمان و وەزارەتی پلاندانان , کە تاوەکو ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردن و کاریان لەسەر نەکراوە نابێت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ نووسراوێک بۆ ئەم مەبەستە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و نووسینگەی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتمان بکەن بۆ پێشنیاری پرۆژەی نوێ یان تەرخانکردنی پارە .

**شەشەم:** پێدانی ڕەسم و باج و گومرگ و شایستە داراییەکانی دیکەی وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم بەشێوازی نەختینە(کاش) و ڕاگرتنی پرۆسەی وەرگرتنی پارە بە (چەک و مەقاصە) لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم جگە لەو بابەتانەی کە پابەندیی داراییان هەیە بە چەک کارەکانیان ڕایی دەکرێت لە نێوان خودی فەرمانگەکانی حکومەت .

**حەوتەم:** ڕاگرتنی لێخۆشبوونی (گومرگی و باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) لەدەرەوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان .

**هەشتەم:** بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی هەرێم لە کاتی خەرجکردنی ئەو ڕێژە داهاتەی بەپێی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٥، کە بۆ خودی وەزارەت دەگەڕێتەوە سەرجەم خەرجییەکانی لەسەر ئەم بەشە داهاتە دەکرێت ڕابگیرێت جگە لە خەرجییەکانی (مووچە و هاندان و یان هەر پابەندییەکی دارایی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کەوتووەتە ئەستۆیان کە گرێبەستی یاساییان لەسەرکراوە )

**نۆیەم:** جەخت لە جێبکردنی گشتاندنمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥، کە پاڵپشتە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٩) لە ٢٠٢٥/٢/٥ دەکەین , تایبەت بە ڕاگرتنی دامەزراندن بە هەموو شێوازەکان .

**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ دەکرێت تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٣١) و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣١٦٩٣ لە ٢٠٢٥/١٠/١٣**

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی کاری کۆمپانیاکانی بە دواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانیەکان**
**ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥**

دوابەدوای ڕێنمایمان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥ و هەمواری یەکەمی بەیانمان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٦ و لەبەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوونی ئەم هەموارە ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٢. ألأ يقل عدد الموظفين العاملين في الشركة عن اربعة موظفين بضمنهم (المدير المفوض، مديرالحسابات، محامي الشركة، موظف مدخل البيانات).

٢. نابێت ژمارەی فەرمانبەران کە لە کۆمپانیاکە کاردەکەن کەمتر بێت لە چوار فەرمانبەر کە (بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو، بەڕێوەبەری ژمێریاری، پارێزەری کۆمپانیاکە، فەرمانبەری داخل کردنی داتاکان) لە خۆبگرێت.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کار پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٢١٢١ لە ٢٠٢٥/١٠/١٦**

## ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥

## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تۆمارکردنی تاکسیی نوێ ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ پێماندراوە و دوابەدوای ڕێنمایی تۆمارکردنی تاکسیی نوێ ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٥) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

زیادکردنی بڕگەکانی (81,80,79,78,77,76,75) لە لیستی جۆری ئۆتۆمبیلی تەواو کارەبایی و هایبرد/ پاشکۆی ژمارە (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ز | براند/ مۆدێلی ئۆتۆمبێل | جۆری ئۆتۆمبێل | درێژی (مەتر) | پانی (مەتر) | ویل بەیس/ سنتیمتر | قەبارەی سەندوق یان شوێنی کەل و پەل (لیتر) | بزوێنەر/ لیتر | جۆر powertrain |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 75 | BYD Seal 5 DM-i | Sedan | 4.80 | 1.875 | 290 | 474 | 1.5 | PHEV |
| 76 | BYD Seal 6 DM-i | Sedan | 4.83 | 1.875 | 279 | 491 | 1.5 | PHEV |
| 77 | BYD Seal 6 EV | Sedan | 4.72 | 1.880 | 282 | 423 | N/A | EV |
| 78 | BYD Seal 7 DM-i | Sedan | 4.98 | 1.890 | 290 | 520 | 1.5 | PHEV |
| 79 | BYD Han DM-i | Sedan | 4.995 | 1.910 | 292 | 470 | 1.5 | PHEV |
| 80 | BYD Destroyer 05 DM-i | Sedan | 4.78 | 1.830 | 271.8 | 450 | 1.5 | PHEV |
| 81 | Geely Citray 2026 | Crossover | 4.51 | 1.865 | 270.1 | 571 | 1.5 Turbo | PHEV |

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٢٢٦٢ لە ٢٠٢٥/١٠/١٩**

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

پاڵپشت بە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨ی ساڵی ٢٠١١) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

## پێناسەکان

**ماددەی (١):**
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرانبەریان دیاری کراوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە:
**١- هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.
**٢- وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
**٣- ئەفسەر:** پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بەرەو سەرەوە.
**٤- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:** فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان.
**٥- لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ.
**٦- فۆرمی هەڵسەنگاندن:** فۆڕمێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەفسەر لە ڕووی تواناکانی کارکردن، تەندروستی جەستەیی بەپێی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە.
**٧- خشتەی پلە بەرز کردنەوە:** هەردوو خشتەی پلە بەرزکردنەوەی ( ٩ی کانوونی دووەم و ١٤ی تەمموز ).

**ماددەی (٢):**
مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان و لەبەر ئەوەی ئەم ئەفسەرانە لە هێزە شەڕکەرەکانی وەزارەتی ناوخۆ خزمەت دەکەن پێویستە ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەیان گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکانیان.

## لیژنەی پلە بەرزکردنەوە

**ماددەی (٣):**

١- لیژنەی باڵای هەمیشەیی بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرمانـدەیی زێرەڤـانی و فەرمانـدەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیسـی پاراسـتنی دامودەزگـا نەوتییـەکان لـە وەزارەتـی ناوخۆ پێك دەهێندرێت بە فەرمانی وەزیر بە سەرۆکایەتی (ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ) و ئەندامیەتی نوێنەرانی فەرماندەیی (زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن) و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ کە پلەیان لە (عمید) کەمتر نەبێت.

٢- لیژنەی باڵا، پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەفسەرانی شایستەی پلە بەرزکردنـەوە دەکەن بـەپێی ئـەم ڕێنماییە و ڕاپۆرتی کۆتایی بەرز دەکەنەوە بۆ وەزیر بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٣- سێ لیژنەی لاوەکی هەمیشەیی لە هەر یـەك لـە فەرمانـدەیی زێژەڤـانی و فەرمانـدەیی بـەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لـە وەزارەتـی نـاوخۆ پێـك دەهێندرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو ئەفسەرانەی کە شایستەی پلـە بەرزکردنـەوەن بـەپێی ئەم ڕێنماییە، و ڕاپـۆرتی خۆیـان بـە بەرپرسـی فەرمانگـەی خۆیـان بـەرز دەکەنـەوە بـە مەبەسـتی پەسەندکردنی و ڕاپۆرتی لیژنە بە گشت فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن ئاراسـتەی لیژنـەی بـاڵا دەکرێـت بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

## مەرجە گشتییەکانی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

**ماددەی (٤):**

**بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر لە پلـە یـەك بـۆ پلەیـەکی دیکـەی بـەرزتر پێویسـتە ئـەم مەرجانـەی خوارەوەی تێدا بێت:**

١- پێویستە لەو پلەیەی کە تێدایە ئەو ماوەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە بـە پێـی مـاددەی (٩) لـە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ی تەواو کردبێت:

| ز | پلە | ساڵ | | ز | پلە | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك | ٣ ساڵ | | ٥ | مقدم بۆ عقید | ٤ ساڵ |
| ٢ | ملازمی یەك بۆ نەقیب | ٣ ساڵ | | ٦ | عقید بۆ عمید | ٤ ساڵ |
| ٣ | نقیب بۆ رائد | ٤ ساڵ | | ٧ | عمید بۆ لیوا | ٦ ساڵ |
| ٤ | رائد بۆ مقدم | ٤ ساڵ | | ٨ | لیوا بۆ فریق | ٦ ساڵ |

٢- پێویستە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن کە لە فۆرمی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە دەربچێت.

٣- پێویستە لە ڕووی جەستەییەوە گونجاو بێت بە تایبـەتی کێشـی ئەفسـەرەکە دەبێـت بـەپێی ئـەم هاوکێشەیەی خوارەوە بێت.

**أ- لە پلەی ملازم بۆ عقید:** درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ + (١٠) کیلۆ =

**ب- لە پلەی عقید تا فریق:** درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠+ (٢٠) کیلۆ =

٤- پێویستە لە پشکنینی چاو بە (چاویلکە و بێ چاویلکە) دەربچێت.

٥- ئەو پشکنینە پزیشکییانەی کە لە برگەی (٤و٣)ی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە لە هەر دوو نەخۆشخانەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن ئەنجام دەدرێت بە مەرجی هەماهەنگیکردن لەگەڵ هەر دوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستی (هەولێر و سلێمانی) و لیژنەی پزیشکی بەردەوام لە کاتی پشکنینەکان میوانداری دەکرێن.

-٦

أ- پێویستە لە تاقیکردنەوەی تیۆری پلە بەرزکردنەوە دەربچێت بۆ ئەم ئەفسەرانەی لە پلەی (ملازم تا نقیب/داخل)، بەپێی پرۆگرامی تاقیکردنەوە کە لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان فەرماندەیی زێرەڤانی و فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دادەنرێت و لە لایەن وەزیری ناوخۆ پەسەند دەکرێت.

ب- پێویستە لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی پلە بەرزکردنەوە دەربچێت بۆ ئەفسەرانەی (رائد بۆ فریق)، بەپێی پرۆگرامی تاقیکردنەوە کە لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان فەرماندەیی زێرەڤانی و فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دامودەزگانەوتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دادەنرێت و لە لایەن وەزیر پەسەند دەکرێت.

ج- دەبێت ئەو ئەفسەرانەی برگەی (ب)ی سەرەوە پێش تاقیکردنەوە بەشدار بن لە خولێکی بەهێزکردنی زانیاری بۆ ماوەی (١٥) رۆژ.

٧- ئەو ئەفسەرەی کە سزایەك یان زیاتری هەبێت و بە فەرمانی وەزیر سزا درابێت یان لە لایەن دادگا سزا درابێت یەك خشتە پلە بەرزکردنەوەی دوا دەکەوێت و بە سووڕانەوە (تدویر) بۆی ئەژمار ناکرێت.

**خشتەی پلە بەرزکردنەوە بەپێی پۆست**

**ماددەی (٥):**

پێویستە ئەفسەر بەپێی ئەم پۆستانە پلەی بەرز بکرێتەوە:

| ز | پلە | پلەی شایستەبوون |
|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی فەرماندەیی | لیوا - فریق |
| ٢ | جێگری فەرماندەی فەرماندەیی | عمید - لیوا |
| ٣ | یاریدەدەری فەرماندەی فەرماندەیی (رئیس ارکان) | عمید - لیوا |
| ٤ | ئەندامانی فەرماندەیی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان) | عمید - لیوا |
| ٥ | لێپرسراوی بەشەکانی فەرماندەیی | عقید - عمید |
| ٦ | لێپرسراوی هۆبەکانی فەرماندەیی | مقدم- عقید |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | قائد فرقه | عميد - ليوا |
| ٨ | جێگری قائد فرقه | عميد |
| ٩ | رئیس ارکان فرقه | عقيد – عميد |
| ١٠ | ئەندامانی فرقه | عقيد – عميد |
| ١١ | لێپرسراوی بەشەکانی فرقه | مقدم – عقيد |
| ١٢ | فەرماندەی لیوا | عقيد – عميد |
| ١٣ | جێگری فەرماندەی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٤ | یاریدەدەری فەرماندەی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٥ | ئەندامانی لیوا | مقدم – عقيد |
| ١٦ | لێپرسراوی هۆبەکانی لیوا | رائد – مقدم |
| ١٧ | فەرماندەی فەوج | مقدم – عقيد |
| ١٨ | جێگری فەرماندەی فەوج | رائد – مقدم |
| ١٩ | یاریدەدەری فەرماندەی فەوج | رائد – مقدم |
| ٢٠ | ئەندامانی فەوج | رائد – مقدم |
| ٢١ | امر سریه | رائد – مقدم |
| ٢٢ | جێگری امر سریه | نقيب - رائد |

**ماددەی (٦):**

١- ئەو ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی خوێندیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پلەیان بەرزدەکرێتەوە لە پلەی (ملازم تا رائد/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن.

٢- ئەو ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پلەیان بەرز دەکرێتەوە لە پلەی (مقدم تا فريق/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن، و بە مەرجێك پێش دەست لەکار هەڵگرتنیان بە مەبەستی خوێندن پایەیان هەبووبێت.

**ماددەی (٧):**

ئەو ئەفسەرانەی کە لە خشتەی ٢٠٢٥/٧/١٤ شایستەی پلە بەرزکردنەوە بوون و بە هۆی ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە پلەیان بەرز نەکراوەتەوە، بە (تدوير) بۆیان ئەژمار دەکرێت لە خشتەی ٢٠٢٦/١/٩.

**ماددەی (٨):**

١- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و لە خشتەی ٢٠٢٦/١/٩ کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

| |
|---|
| فۆرمی هەڵسەنگاندنی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرانی فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان |

وێنەی‌ڕەنگاورەنگ

٤×٣٣ سم

**تێبینی:**

**- ئەم فۆرمە لە چوار لاپەڕە پێکهاتووە**

| **یەکەم: زانیاری کەسی (لە لایەن لیژنەکانی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە پڕدەکرێتەوە)** | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرماندەیی / بەڕێوەبەرایەتی | | | بەڕێوەبەرایەتی | | |
| ناوی چواری | | | پلە | | |
| شوێنی لە دایك بوون | | بەرواری لەدایك بوون | | ژمارەی مۆبایل | |
| پایە | | | شوێنی کارکردن | | |
| بڕوانامە | | | پسپۆری بڕوانامە | | |
| شوێنی دەرچوونی بڕوانامە | | | ساڵی دەرچوون | | |
| دەرچووی خولی کولیژی پۆلیس یان سەربازی ژمارە | | کولێژی | | ساڵی | |
| دەرچووی خولی باڵای ئەفسەران ژمارە | | کولێژی | | ساڵی | |
| خشتەی دوایین پلەبەرزکردنەوە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری | | |
| ژمارە و بەرواری فەرمانی پێشخستن (قدم) / ئەگەر هەیە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری سوڕانەوە (تدویر) | | |
| سزا و جۆرەکەی/ ئەگەر هەیە | | | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری سزا | | |
| لە تاقیکردنەوەی تیوری دەرچووە لە پلەی (ملازم تا نقیب) | بەڵێ | | کۆی نمرەی دەرچوو | | |
| | نەخێر | | | | |
| لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەرچووە لە پلەی (رائد تا فریق) | بەڵێ | | کۆی نمرەی دەرچوو | | |
| | نەخێر | | | | |

| **دووەم پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن (لە لایەن لیژنەکانی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە پڕدەکرێتەوە)** | | |
|---|---|---|
| پێوەر | نمرە لە (١٠) | تێبینی |
| توانا لەسەر وەرگرتنی ئەو کارانەی پێی سپێردراوە | | |
| توانا لەسەر گرتنەبەری ڕێنماییەکان | | |
| توانا لەسەر کارکردن لەگەڵ کەسانی تر | | |
| توانا لەسەر کارکردن بەبێ چاودێری | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئارەزوو لەڕاهێنان وفێربوون وقبوڵکردنی تێبینی و ڕێنماییەکان | | | |
| ووردی لەکارکردن وپابەندبوون بەکاتەکان | | | |
| باش هەڵسوکەوت کردن لەگەل هاوپێشەکانی و هاوولاتیان | | | |
| بیرکردنەوەی بنیادنەرانە کار لەکارکردن | | | |
| خێرایی لەئەنجامدانی ئەو کارەی پێی سپێردراوە | | | |
| ئاستی زانیارییە هونەرییەکان | | | |
| هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ ئەفسەر | | | |
| ناوبراو شایستەی پلەبەرزکرنەوەیە لە پلەی | | بۆ پلەی | |
| ناوبراو شایستەی پلەبەرزکرنەوەیە نیە | | | |
| هۆکاری شایستە نەبوونی | | | |

**ئەندام** **ئەندام** **سەرۆکی لیژنە**

**پەسەندی دەکەم**

**بەڕێوەبەری فەرمانگە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **سێیەم: هەڵسەنگاندنی تەندروستی و جەستەیی (لە لایەن لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی لە پارێزگا و ئیدارەکان پردەکرێتەوە)** | | | |
| فەرماندەیی / بەڕێوەبەرایەتی | | بەڕێوەبەرایەتی | |
| ناوی چواری | | پلە | |
| کێش بە کیلو | | درێژی بە سانتیمەتر | |
| هاوکێشەی ئەژمارکردنی کێش بۆ ئەوەی شایستە بێت لە ڕووی کێشەوە | ١. لە پلەی ملازم تا عقید: درێژی بە سانتیمەتر — ١٠٠ = + (١٠) کیلو=<br>٢. لە پلەی عقید تا فریق: درێژی بە سانتیمەتر — ١٠٠ = + (٢٠) کیلو= | | |
| جوری خوێن | | ئاستی بینینی چاو | چەپ:<br>ڕاست: |
| نەخۆشی گوازراوەی هەیە | بەڵێ:<br>نەخێر: | جوری نەخۆشی گوازراوە | |
| نەخۆشی درێژخایەنی هەیە | بەڵێ:<br>نەخێر: | جۆری نەخۆشی درێژخایەن | |
| بڕیاری لیژنەی پزیشکی | | | |
| دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و شایستەیی جەستەیی لیژنەی پزیشکی بڕیاریدا بە: | | | |
| گونجاوە بۆ خزمەت | | گونجاو نیە بۆ خزمەت | |

تێبینی:

١. پێوەرەکانی شایستەبوونی تەندروستی پێویستە هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەی نەبێت.
٢. پێویستە ئاستی بینینی بەچاویلکە و بێ چاویلکە لە ئاستی پێوەرە تەندروستیەکان بێت.
٣. پێویستە هاوکێشەی کێشی ئەفسەر بە پێی ئەو بڕگەیەی لەسەرەوە دیاری کراوە بێت.

**ئەندام** | **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنە**

**ئەندام** | **ئەندام**

**فورمی بریاری هەڵسەنگاندنی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرانی**
**فەرماندەیی زێرەڤانی، فەرماندەیی بەرگری و فریاکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان**
**(لە لایەن لیژنەی باڵای پلەبەرزکردنەوە لە وەزارەت پڕدەکرێتەوە)**

دوای پێداچوونەوەی فورمی هەڵسەنگاندنی لیژنەی لاوەکی پلەبەرزکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەندروستی و جەســــــتەیی تایبەت بە

و دۆسیەی پلەبەرزکردنەوە لیژنەی باڵا بریاری دا بە:

**سەرۆکی لیژنەی باڵا** | **ئەندام** | **ئەندام**

**ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام**

**دەستەی دەسپاکی**

**ژمارە: ١٣٣ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٩**

پاڵپشت بە حوکمەکانی خاڵی (٧) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (دوازدەم)، وە بڕگەی (پازدەم) لە ماددەی (پێنجەم)، وە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (بیست وچوارەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

## بەشی یەکەم

## پێناسە وئامانجەکان وپرەنسیپە گشتییەکان

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریەتی:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- **ڕێکخراوی ناحکومی:** کۆمەڵێك کەسی ئاسایی، یان مەعنەویی، خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە و، هەوڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج دەدات، کە دابەش کردنی قازانجی تێدا نییە.

٣- **کارمەندی ڕێکخراو:** بریتیە لە سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراو و هەر کەسێک کارێکی پێ سپێردرابێت لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٤- **گەندەڵی:** خراپ بەکارهێنانی ناو و دەسەڵاتی پێ سپێدراو و داهاتەکانی ڕێکخراوی ناحکومی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یان کەسێکی تر.

٥- **هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان:** بریتیە لەو دۆخەی کە کارمەندی ڕێکخراوی ناحکومی تێیدا دوچاری دوو بەرژەوەندی دەبێتەوە یەکیان تایبەت و ئەویتریان گشتییە.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

١- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و شەفاف بوونیان و باشتر ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی وبەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

٢- فراوانکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارا لە هاوپەیمانێتی نیشتیمانی نەهێشتنی گەندەڵی بکەن.

٣-بێلایەنکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دوو لە ئەجێندای حیزبی دیاریکراو خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن.

**ماددەی (٣): پرنسیپە گشتیەکانی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە.

٢- ڕیزگرتنی یاسا.

٣- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.
٤- دەسپاکی.
٥- شەفافیەت.
٦- یەکسانی.
٧- دادپەروەری.
٨- دڵسۆزی.
٩- بابەتیبوون وپیشەیی
١٠- ڕاستگۆیی.
١١- بێلایەنی.
١٢- لێپرسینەوە.
١٣- پابەندبوون.
١٤-کاری پێکەوەیی وخۆبەخشی

## بەشی دووەم
## ئەرک و مافی ڕێکخراوە ناحکومیەکان

**ماددەی (٤): ئەرکەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- دەبێت ئامانج ودروشم وستراتیژی کارکردنی ڕێکخراو ڕوون و ئاشکرا بێت و لە پێناو خزمەتکردنی هاونیشتیمانیانی هەرێم دا بێت بە لە بەرچاو گرتنی بنەماکانی دیموکراسی وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ.
٢- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت پابەندبێت بە هەبوونی ئەو تۆمارانەی کە لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژە پێکراوە.
٣- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت پابەند بێت بە پەیڕەوی ناوخۆیی.
٤- ڕێکخراوی ناحکومی نابێت کاری بازرگانی ئەنجام بدات وبەدوای سوودی ماددی بگەڕێ تەنها لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا نەبێت.
٥- ڕێکخراوی ناحکومی نابێت جیاکاری بکات لە نێوان تاکەکانی هەرێم بە هەر بیانوویەک بێت.
٦- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت سەرچاوەی داهاتەکەی ڕوون و یاسایی بێت.
٧- چالاکیەکانی ڕێکخراو دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە بۆی دامەزراوە.
٨- ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت ڕێز لە ئاینەکانی هاووڵاتیانی هەرێم و داب و نەریتی گشتی بگرێت.
٩- ڕێکخراوی ناحکومی هەوڵبدات خۆی بگونجێنیت لەگەڵ پێشکەوتنە دیجیتاڵی وئەلیکترۆنیەکاندا.
١٠-ڕێکخراوی ناحکومی دەبێت دوور کەوێتەوە لە هەر تاوانێکی گەندەڵی وەک سپیکردنەوەی پارە و تاوانەکانی تر.

**ماددەی (٥): مافەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- ڕێکخراوی ناحکومی دەتوانێت هەموو جۆرە کاروو چالاکیە یاساییەکانی خۆی بە ئازادی ئەنجام بدات بەبێ جیاکاری بۆبەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بۆی دامەزراوە.

٢- ڕێکخراوی ناحکومی بۆی هەیە ماڵ و موڵکی گوێزراوە و نە گوێزراوەی هەبێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکەی.

٣- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافی وەرگرتنی فەندیان هەیە بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان.

٤- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافیان هەیە لە دەرەوەی هەرێم لقیان هەبێت.

٥- دوو ڕێکخراوی تۆمارکراو یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕی ڕێکخراویان هەیە.

٦- ڕێکخراوە ناحکومیەکان مافیان هەیە بودجەی پێویستیان بۆ دیاری بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەپێی توانا و پرۆژە و چالاکیەکانیان.

٧- بەخشین لە باج و ڕەسمی گومرگی.

٨- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ودامەزراوەکانی تری حکومەتی هەرێم ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکان بکەن بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکیەکانیان.

٩- هەر مافێکی تر کەوا لە یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان هاتبێت.

## بەشی سێیەم

## ڕەوشتەکانی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان

**ماددەی (٦): ڕەوشتەکانی کارمەند لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی:**

١- کارمەند دەبێت کار بۆ ئەو ئامانجە بکات کە ڕێکخراو بۆی دامەزراوە.

٢- کارمەند دەبێت ئاسانکاری بکات بۆ دەزگاکانی چاودێری لە کاتی ووردبینی لە دۆسیاکانیان دا.

٣-کارمەند دەبێت هەر داوا و سکاڵایەک وەربگرێت کە پێشکەشی دەکرێت لە لایەن هاووڵاتیانەوە وەدەبێت وەڵامی سکاڵاکان بدرێتەوە.

٤-کارمەند دەبێت خودی خۆی کارەکە ڕابپەڕێنێت لەکات و شوێنی دیاریکراو بە شیوەیەکی خێرا و بەو شێوەی کە بۆی دیاریکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆیی.

٥-کارمەند دەبێت پابەندبێت بە مەرجەکانی سەلامەتی لە شوێنی کارەکەی.

٦-کارمەند دەبێت بە دڵسۆزی بمێنێنەوە و وابەستەبێت بە دەستورو یاسا و پەیڕەو ورێنماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (٧): ڕەوشتەکانی پەیوەندی نێوان کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

**یەکەم:** ڕەوشتی کارمەند لەگەڵ بەرپرس و هاوپیشەکانی:

١- کارمەند دەبێت ڕێز لە بەرپرسەکەی بگرێت.

٢- کارمەند دەبێت گوێڕایەڵی بڕیارەکانی سەرووی خۆی بێت بە پێی ڕیزبەندی کارگێری بە مەرجێک پێچەوانەی یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان نەبێت.

٣- کارمەند دەبێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ بەرپرس و هاوکارەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پەسەند بۆ کێشەکان.

٤- کارمەند دەبێت دوور بکەوێتەوە لە دروستکردنی تەنگەژەو بەکارهێنانی توندو تیژی.

٥- کارمەند نابێت زانیاری کەسی و خێزانی بەرپرس و هاوپیشەکانی خراپ بەکار بهێنێت بۆ زیان گەیاندن پێیان.

**دووەم:** ڕەوشتەکانی بەرپرسی کارگێڕی:

١- دەبێت نموونە بێت بۆ ئەوەی چاوی لێ بکرێت .

٢- دەبێت توانا و بەهرەی ئەو کارمەندانە بەرەو پێش ببات کە ئەو بەرپرسیانە.

٣- نابێت جیاکاری بکات لە نێوان کارمەندانی و دەبێت یەکسان و دادپەروەر بێت.

٤- دەبێت هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بکات بۆ کارمەندانی.

٥- نابێت تۆڵە لەو کارمەندانە بسەنێت کە تانەیان لە بڕیارەکانی داوە.

٦- دەبێت کەشێکی لەبار برەخسێنێت بۆ کارمەندانی و دوور بکەوێتەوە لە توندوتیژی.

**ماددەی (٨): ڕەوشتەکانی کارمەند لەگەڵ سودمەندبووان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێویستە پێشکەش بکرێت بە شێوەیەکی کارامەیی و لێهاتوویی.

٢- کارمەند خۆی تەرخان دەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکە پێی سپێردراوە.

٣- کارمەند دەبێت دووربکەوێتەوە لە زیان گەیاندن بە سوودمەند بووان لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٤- کارمەند دەبێت گرنگیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بدات.

٥- کارمەند نابێت ئەو زانیاریە کەسی و خێزانیانەی سوودمەندبووان دزە پێبکات کە لە کارەکەی دەستی دەکەوێ بۆ ئامانجێکی ناڕەوا.

٦- کارمەند نابێت جیاکاری بکات لەنێوان سوودمەند بووان و دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

**ماددەی (٩): چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ زانیاریەکان:**

١- بنچینەی کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان شەفاف بوونە.

٢- نابێت هیچ کارێک یان زانیاریەک بەنهێنی دابنرێت تەنها ئەو بابەتانە نەبێت کە دەقی تایبەتیان لەسەر هاتووە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣- نابێت هیچ بەڵگەنامەیەک و دۆسیەیەک بە نهێنی دابنرێت تەنها بە دەقی یاسایی نەبێت.

٤-کارمەند دەبێت پابەند بێت بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەسەر هەر تاوانێک کە ئەنجام دەدرێت لەناویان تاوانەکانی گەندەڵی.

٥- کارمەند نابێت ئەو زانیاریانەی کە دەستی دەکەوێت خراپ بەکاری بهێنێت.

٦-کارمەند نابێت ڕێگری بکات لە بڵاوکردنەوەی هەر زانیاریەک کە پێویستە بڵاو بکرێتەوە.

٧-کارمەند دەبێت ئەو زانیاریانەی کە پێویستە هەڵیبگرێت بە شێوەیەک بیانپارێزێت کە بتواندرێت دووبارە بەکار بهێنرێتەوە.

**ماددەی (١٠): هاودژبوونی بەرژەوەندیەکان:**

١- کارمەند کاتێک دووچاری هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان دەبێتەوە دەبێت بەرپرسی ڕاستەوخۆی لێ ئاگادار بکاتەوە.

٢- کارمەند پێش دەست بەکاربوونی لە کارەکەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئاگادار بکاتەوە لە هەبوونی دژیەکی بەرژەوەندیەکان.

٣- کارمەند دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە هەر کارێک مەترسی دژیەکی بەرژەوەندیەکان دروست بکات.

**ماددەی (١١): چالاکی حیزبی:**

١- کارمەند نابێت چالاکی حیزبی ئەنجام بدات لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی لە شوێنی کارەکەی.

٢- کارمەند دەبێت کارەکەی ئەنجام بدات بەبێ لایەنی.

٣-کارمەند نابێت شوێنی کارەکەی یان چالاکییە ڕێکخراوەیەکانی هەڵبقۆزێتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و پاڵپشتی کردنی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو.

**ماددەی (١٢): وەرگرتنی دیاری:**

١- کارمەندی ڕێکخراوە ناحکومیەکان نابێت کارە ڕێکخراوەیەکەی هەڵبقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی نارەوای خۆی و خێزانی.

٢-کارمەندی ڕێکخراو نابێت ڕازی بێت بە هیچ جۆرێک لە وەرگرتنی دیاری، جا ئەو دیاریە پارەبێت یان میوانداری یان گەشتکردن کە ببێتە هۆی دروست بوونی کاریگەری لەسەر کارو بڕیارەکانی ڕێکخراو.

٣-هەر بڕە پارەیەک یان دیاریەک کەوا ڕێکخراو یان کارمەندەکانی وەریدەگرن پێویستە لە ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە ئاماژەی پێبدرێت بە دیاریکردنی بڕو لایەنەکە.

**ماددەی (١٣): ڕەوشتەکانی بەڕێوەبردنی موڵک و ماڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١- کارمەند پێویستە ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستیتی لە ڕێکخراودا بیپارێزێت.

٢- کارمەند نابێت ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستیاندایە خراپ بەکاریان بهێنێت.

٣- کارمەند دەبێت ئەو موڵک و ماڵەی لەژێر دەستی دایە بەو شێوەیەی بۆی دیاریکراوە بەکاریان بهێنێت.
٤- لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانەی رێکخراو موڵک وماڵەکەی دەدرێت بە رێکخراوێکی تری هاوشێوەی لە ئامانج، بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (١٤): پارێزگاری کردن لە شکۆمەندی پیشەیی:**

١- پێویستە کارمەند بەها سەرەکیە کۆمەڵایەتیەکان بپارێزێت و پارێزگاری لە شکۆمەندی پیشەکەی بکات.
٢- پێویستە کارمەند لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی پابەندی ڕێک پۆشی بێت.
٣- دوور کەوتنەوە لە هەموو شێوازەکانی فشار وگێچەلی سیکسی.

**ماددەی (١٥): ئەرکەکانی ڕێکخراو بەرامبەر کارمەندانی:**

١- ڕێکخراو گرەنتی ئەو مافانە دەدات کەوا لە یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراو وگرێبەست دیاریکراون.
٢- دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ کارمەندانی بکات و کەشێکی ئارام و تەندروستی کارکردن بڕەخسێنێت.
٣- دەبێت کارمەندانی هان بدات بۆ داهێنان.
٤- دەبێت کارمەندانی هان بدات بۆ زاڵ بوون بەسەر بەربەستەکان.
٥- دەبێت پێیان ڕابگەیەنرێت کە پابەند بوون بە بنەمای ڕەوشتەکان تەکنیکی بنەڕەتی کارکردنە.
٦- بایەخدان بە بەرزکردنەوەی کواڵیتی کارکردن لەڕێی کردنەوەی خولی بەردەوامی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی.
٧- فەراهەمکردنی ژینگەیەکی کارکردنی تەندروست بۆ کارمەندی ڕێکخراو.
٨- پەیوەندی نێوان رێکخراو و کارمەند رێکدەخرێت لە رێگەی گرێبەستێکەوە، و دەبێت دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ دابین بکرێت.

## بەشی چوارەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (١٦): جێبەجێکردنی ڕێنمایی:**

١- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کارمەندانی.
٢-لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە، یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ وپەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراوەکە جێبەجێ دەکرێت.

٣- لە کاتی پێویست، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەڵدەستێت بە ڕاڤەکردن و ئەنجامدانی سمینار بۆ ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکان.

٤-کارمەندانی ڕێکخراو پابەندن بە خوێندنەوەی ئەم ڕێنماییە وجێ بەجێکردنی.

**ماددەی (١٧): بەرکاربوونی ڕێنمایی:**

ئەم ڕێنماییە بەرکار دەبێت لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**هۆکاری دەرچوواندن**

لەبەر گرنگی کاری ڕێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان، وبە مەبەستی دانانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی رەفتاریی بۆ کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، وبڵاوکردنەوەی چەمکی دەسپاکی و ڕوو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لەنێو کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵی مەدەنی بە پشت بەستن بە ئامانجەکانی ستراتیژی نیشتمانی ڕوو بەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٥)، ئەم ڕێنماییە دەرچوێندرا.

**د. احمد انور محمد**
**سەرۆکی دەستەی دەسپاکی**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٠٩٦٦ لە ٢٠٢٥/١٠/٧**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (گرێزە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٨٦٥٧) لە ٢٠٢٥/٩/٣٠ و لەبەر بەرژە وەندی گشتی، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**گرێزە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری قەزای سید صادق/ پارێزگای سلێمانی کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بەفراوانکردنەوە دەبێتە (-، ٢٣، ٤٨٩) چوارسەد و هەشتا و نۆ دۆنم و بیست و سێ ئۆلک لە سەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٢، ٤، ٥، ٦، ٧، ٩، ١٣، ٥٠، ٥١، ٤٨، ٤٩، ١،٤٧، ٣٤/٣) لە کەرتی ٣٠/ گرێزە وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٢١١٣ لە ٢٠٢٥/١٠/١٦**

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (شەمسەخر)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنماییمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمووارکراو، تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێینیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٨٨٣) لە ٢٠٢٥/٩/٣٠، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندابە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**شەمسەخر**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی دارەتوو/ قەزای بەردەڕەش/ پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فراوانکردنەوە دەبێتە (١٣٤،١٨،١٨) سەد و سی و چوار دۆنم و هەژدە ئۆلک و هەژدە مەتر دووجا لە سەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٢، ١/١ ، ١/٣ ، ١/٥ ، ١/٦ ، ١/٨) لە کەرتی ٩/ شەمسەخر وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٢٨٣١ لە ٢٠٢٥/١٠/٢١**

**بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (رەشانکا مزیریا)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو، تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە ( ٥٥٦٧) لە ٢٠٢٥/٩/١٧ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**رەشانکا مزیریا**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم /٤لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی زاویتە / قائمقامیەتی قەزای دهۆک / پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فراوانکردنەوە دەبێتە (٢٩،٨،٤٥) پیست ونۆ وهەشت ئۆلک چل و پێنچ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٩٤،٧٣،٧٢ ) لەکەرتی ٩٠/ رەشانکێ وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٢٨٣١ لە ٢٠٢٥/١٠/٢١**

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی قەزای (ڕزگاری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٩٧) لە ٢٠٢٥/٩/٢٣ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆک وەزیران ژمارە (٣٨١١) لە ٢٠٢٥/١٠/١٢ و دوابە دوای نووسراومان ژمارە (٢٣١٧٣) لە ٢٠٢٥/٧/٣٠ سەبارەت بە هێنانەکایەی قەزای (**ڕزگاری**) لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان ژمارە (٢٣١٥) لە ٢٠٢٥/٧/٢ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**ڕزگاری**) لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان بە هەمان سنووری ئیستای ناحیەی (ڕزگاری).

**دووەم:** ئەم بەیانە لەڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٠/١٢ وکاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٢٥٩ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی پێنجەم لە یاسایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە زیادکردنی بڕگەیەک بەیانی ساڵی ٢٠١٤ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٧٩) لە ٢٠١٤/١٠/٣٠ بڵاوکراوەتەوە کە تایبەتە بە(خەمڵاندنی نرخی قەرەبووی دار و درەخت کە بەر پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت و گشتی دەکەون وە یان ئەو باخ و دارستانانەی کە دەست بەسەردا دەگیرێت یان زەوی یەکانیان دەکوژێتەوە بۆ هەر مەبەستێک و یان لەلایەن هاووڵاتیانەوە زیادەڕەوّیان دەکرێتە سەر) بڕیارماندا بە زیادکردنی بڕگەیەک بۆ بەیانی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** بڕگەی أ/ دار و درەختی باخداری ئەم خاڵەی بۆ زیاد دەکرێت:

| ژ | جۆری دار | تەمەن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١-٣ ساڵ | ٤-٦ ساڵ | ٧-٩ ساڵ | ١٠-١٢ ساڵ | ١٣-١٥ساڵ و زیاتر |
| ١٦ | خورما | ٤٠،٠٠٠-٧٥،٠٠٠ دینار | ١٠٠،٠٠٠-١٥٠،٠٠٠ دینار | ٢٠٠،٠٠٠-٢٧٥،٠٠٠ دینار | ٣٥٠،٠٠٠-٤٥٠،٠٠٠ دینار | ٥٠٠،٠٠٠-٦٠٠،٠٠٠ دینار |

**دووەم:**
ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢٤ لە ٢٠٢٥/٩/١٧**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٤٦/بڕگەی دووەم) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠

لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کۆبوونەوەی ئاسایی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٢٨ بڕیارماندا بە دانانی ئەم ماددانەی لە لیستی هاوپێچدا هاتووە لە خشتەی ژمارە (١)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٣٩) ماددەیە بە ماددەی ((2-chloromethcathinone (NEW) دەست پێ دەکات و بە ماددەی (pentylone) کۆتایی دێت.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٩/١٩.

**لیستی ماددە هۆشبەرەکان و پێشینە کیمیاییەکان کە دەخرێنە ناو لیستی ماددە کۆنترۆڵکراوەکان (یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠)**

| ز | ناوی زانستی / ناوی کیمیایی | ژمارەی لیست |
|---|---|---|
| ١ | 2-chloromethcathinone (NEW) | لیستی ژمارە (١) |
| ٢ | 3-methylmethcathinone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣ | 3,4-methylenedioxy-a-pyrrolidinohexaophenone (3,4-MDPHP) | لیستی ژمارە (١) |
| ٤ | 4-chloro-alpha-PVP | لیستی ژمارە (١) |
| ٥ | 4-fluoro ABUTINACA N-(4-hydroxybutyl) metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٦ | 4-fluoro MDMB-BICA butanoic acid metabolite (4-fluoro MDMB-BUTICA butanoic acid metabolite) | لیستی ژمارە (١) |
| ٧ | 4-fluoro MDMB-BUTINACA butanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٨ | 5-fluoro AMB 3-methylbutanoic acid (5-fluoro MMB -PINACA 3-methybutanoic acid) | لیستی ژمارە (١) |
| ٩ | 5-fluoro MDMB PICA 3,3-dimethylbutanoic acid (5-fluoro MDMB -PICA metabolite 7) | لیستی ژمارە (١) |
| ١٠ | 5-fluoro MDMB-PINACA metabolite 7 (5-fluoro ADB-metabolite 7) | لیستی ژمارە (١) |
| ١١ | AB-CHMINACA metabolite M1A (NEW) | لیستی ژمارە (١) |
| ١٢ | AB-CHMINACA metabolite M1B (NEW) | لیستی ژمارە (١) |
| ١٣ | ADB-4en-PINACA (NEW) | لیستی ژمارە (١) |
| ١٤ | ADB-BINACA | لیستی ژمارە (١) |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | ADB-5"Br-BUTINACA 3,3-dimethylbutanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ١٦ | ADB-5"Br-PINACA | لیستی ژمارە (١) |
| ١٧ | ADB-CHMINACA 3,3- dimethylbutanoic acid (ADB-CHMINACA metabolite2) | لیستی ژمارە (١) |
| ١٨ | ADB-FUBIATA 3,3-dimethylbutanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ١٩ | Alpha-PHP | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٠ | AM-2201 N-(4-hydroxypentyl) metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٢١ | BB-22 3-carboxyindole | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٢ | Benzylone (3,4-methylenedioxy-N-benzylcathinone) | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٣ | Butylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٤ | BZO-4en-POXIZID | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٥ | CH-PIATA | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٦ | CH-PIATA N-pentanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٧ | Eutylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٨ | FUB-PB-22 3-carboxyindole | لیستی ژمارە (١) |
| ٢٩ | JWH-073 N-butanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٠ | MDMB-BUTINACA butanoic acid metabolite (NEW) | لیستی ژمارە (١) |
| ٣١ | MDMB-FUBICA 3,3-dimethylbutanoic acid (MDMB-FUBICA metabolite 3) | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٢ | MDMB-FUBINACA 3,3-dimethylbutanoic acid (MDMB-FUBINACA metabolite 1) | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٣ | MDMB-4en-PINACA butanoic acid metabolite | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٤ | N-butyl pentylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٥ | N-cyclohexyl butylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٦ | N-cyclohexyl methylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٧ | N, N-dimethyl pentylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٨ | N-propyl butylone | لیستی ژمارە (١) |
| ٣٩ | pentylone | لیستی ژمارە (١) |

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە: -

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی تەندروستی گشتی گەرمیان) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٩/٢٣.

**بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی یەکەی (شوشتنی گورچیلە) لە گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک/ هەڵەبجە/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەرین/ زاخۆ/ کۆیە) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٠/٢.

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی هۆبەی (شوشتنی گورچیلە) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٠/٢.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**